


# بۆچی ڕوانگە؟!

لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٧٠دا، چەند ئەدیبێک بانگەوازی دروستکردنی گروپێکیان ڕاگەیاند و ناوی (ڕوانگە)یان لە خۆیان نا و یەکەمین بەیاننامەیان لەو ساڵەدا بڵاوکردەوە. لەو بەیاننامەیەدا ئەوان چوونەوە بە گژ هەموو شتانەدا کە لەو سەردەمەدا هەبوون و بە کۆن و سوواویان لەقەڵەم دان، جاڕی (نوێگەری)یان دا و هاواریان کرد ئیتر کاتی (وتەی نوێ، بیری نوێ، کرداری نوێ)یە. هەر لەو کاتەدا کۆمەڵێک نووسەر هەبوون بە هەموو جۆرێک دژایەتیی ئەو گروپەیان دەکرد و بە بێئاگاو سەرلێشێواو یان دەستی دەرەکییان دەزانین!.
ئەوکات ئەوان کۆمەڵێک گەنجی خوێنگەرم بوون و دوای زیاتر لە (چوار) دەیە خۆشبەختانە زۆریان لە ژیاندا ماون..
بۆ بەئاگابوون لە بۆچوونی ئێستای ئەو کەسانەی لەو ڕۆژگارەدا ڕوانگەیی و دژەکەی بوون، هەروەها بۆ ئاشکرابوونی ئەو شتانەی تا ئێستا لە پەنهانیدان و قسەیان لەبارەوە نەکراوە، جیا لەوانەش بۆ ئاگاداربوونی نەوەیەک کە بێئاگان ململانێکانی ئەو وەختەی نووسەران، (گەلاوێژی نوێ) ئەم دۆسیەی بە پێویست زانی، دیارە جیا لە کەسایەتییەکانی هەردوو بۆچوونەکە، چەند زاتێکی تریشمان دواندووە، کە لەو ڕۆژگارەدا لەگەڵ هیچ لایەکدا نەبوون و لە دەرەوەی ئەوان کاری خۆیان کردووە، یان لە ڕۆژانی دواتردا توێژینەوەی ئەو سەردەمەیان کردووە... بەهیواین بەم کارەمان خزمەتێکمان کردبێ و ئەم دۆسیەیە ببێتە سەرەتایەک بۆ ئاشکرابوونی هەموو ئەو ڕاستییانەی تا ئێستا نادیارن.